# وەڵامێك بە وتووێژی عەبدوڵڵای موهتەدی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاسۆ

## تورەییەك كە هەڵقولاوی نائومێدییە*

**حەسەن ڕەحمان پەنا**



ڕۆژنامەی ئاسو لە ژمارەی 98 بە ڕێكەوتی یەكشەمە 2006/1/19 لە لاپەرەی 6دا وتووویژیكی لەگەل عەبدوالله موهتەدی سكرتیری سازمانی زەحمەتكێشانی كوردستان كە لە لایەن كاك خالید محەمەدزادەوە لەگەلی سازدراوە بلاو كردووەتەوە.

لەو بابەتانەی كە لە ووتویژەكەی كاك عەبدوللادا هاتوون دوو نوكتەیان جیگای سەرەنجن زۆرترن.

یەكەم: كێشەی مادەی یەكەمی پەیرەوی ناوخۆی حیزبەكەیان،

كە ریكخراوەكەیانی وەكوو ریكخراویكی سوسیالیستی كریكاری پیناسە دەكات.

ئەو مادەیە ریك لە رووی پەیرەوی ناوخۆی حیزب كۆمۆنیستی ئیرانەوە كوپی كراوە، كە ئیستاش هەرچەند لە گەلێك بابەتەوە پیویستیان پێی نەماوە بەلام خۆ رزگار كردن لە ژێر كاریگەری مەعنەوی حیزبی كومونیست و رێبازەكەی بەم هەموو دیپلوماسیەتەش كە لە وەلامی پرسیاری ڕۆژنامەی ئاسۆ لە سەر ئەم ماددەیە بە خەرجی دەدات ناتوانێ بە راشكاوی خۆی لە دەستی رزگار كات .

ئەوە ناوەرۆكی وەلامەكی "كاك عەبدوللا"یە:

دەبێت پێداچۆنەوە بەو خالەدا بكاتەوە و یەكەم كەسیش كە ئەو باسەی هێناوەتە گۆری هەر خۆی بووە. دووهەم: باس لەسەر ئەو خالە بە شێوەی زانستیانە بێت و نابی ببێت بە هۆی ناكوكی لە ڕێكخراوەكەی ئەودا. سێهەم: ماددەی یەكەم لە هەمان كاتدا روحییەیی چەپ و سوسیالیستی كۆمەڵەی وەك حیزب و رەوتێكی سیاسی لە كۆمەڵگای كوردستاندا لە خۆیدا بنوینی.ئەمرۆیی بكریەتەوە و ڕێكخراوەكەی وەك ئالا هەڵگری بزووتنەوەی رزگاری خوازی كورد نیشان بدات ((خەتی ژێر دیرەكانی قسەكانی كاك عبدالله لە نوسەری ئەم بابەتەیە)).

ئاشكرایە كە ئەو مادەیە پەیرەوی ناوخۆی ئەوان رەنگ و بۆنی كاتی جیا بوونەوەی پێوە دیارە. ئەوكات بۆ ئێمە و زۆر كەس روون بوو كە روێشتنی ئەم برادەرانە لە كۆمەڵە نەك بە خاتری حیزبی كۆمۆنیست كە بە وتەی ئەوان پێگەی لە ئێراندا نیە و نە بە هۆی سەرتاسەری بوونی، بەڵكوو بە هۆی ناتەبایی ئەوان لەگەڵ جیهەت و رێبازی كۆمۆنیستی و سوسیالیستی كۆمەلە و حیزبی كومونیست بوو. هەلبەت ئێستا زەمان گۆزەراوە وزەختیان لەسەر نەماوە و ئەو هێزەی كە بە تەوهومی كۆمۆنیست و سوسیالیست بونیان لەگەڵیان دەكەوت ئەو زەرفیەتەی جارانی نیە، بەلام ئیحتیات هەر پیویستە و واباشە رەوتی توانەوەی ئەو كەسانەی كە هیشتا ئەو تەوهوماتەیان ماوە وردە وردە بێ مەبادا زیان بە یەكگرتویی ریكخراوەكەیان بگەیەنێ . كاری زانستیانە كە كاك عبدولا باسی دەكات لە راستی دا رووكەشی ئەو ئیحتیاتەیە.

ئاغای موهتەدی باش دەزانێت كە لەم لاشەوە كەسانیكیان بە بەلینی ئەوەی كە كۆمۆنیست و چەپ نین، هێناوەتە ناو ڕێكخراوەكەیان و بەلێنیان پێداون كە باوریان بە خەباتی چینایەتی نیە و تەنیا خەباتی نەتەوایەتی دەكەن.

ئاغای موهتەدی لە بەشیكی دیكەی وەلامەكەیدا باس لەوە دەكات كە ئەو بەندە نابێت دووبەرەكی لە نیویاندا بنێتەوە. ئەو نیگەرانییەی كاك عەبدوللا زۆر واقعییە، چونكە بەراستی ئەو لەوە زیاتر بەرگەی ئەو هەموو دووبەرەكی نانەوە، خەت و فكر گۆرین و جیابوونەوەیە ناگرێت. بەلام ناكرێ نكۆلی لەوەش بكرێ كە ئەو ماددەیە بە واقیعی پاشماوەی كاریگەری حیزبی كومونیستە بە سەریانەوە كە ئەوان هەموو بوونی خویان بە جیاوازی لە كومەلەیەكی كۆمۆنیستە پیناسە دەكەن.

دوهەم:سەبارەت بە حیزبی كۆمۆنیستی ئێرانە. كاك عەبدولا باس لە رزگار بوون لە تیئوری حیزبی كۆمۆنیستی ئێران دەكات و بە قەولی خۆی هێنانە دەری كۆمەڵە لە حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و "پرۆژەی ساغ كردنەوەی كۆمەڵە" بە بەشێك لە ئاكامی ئەو ئالوگورە فكریانە ناو دەبات. هەروەها دەڵێت "من بەرنامەی حیزبی كۆمۆنیستی ئێرانم لە تەوەری سەرەكییەكانی داوەتە بەر رەخنە".

وادیاره کاك عبدوالله فەرزی لەسەر فراموشکاری داناوه. لەم باسه دور و درێژیدا که لە سەر ئەم بابەتە دەی کات تەنیا یەك شتی راستە، ئەویش رزگار بوون لە تئـوریی حیزبی کۆمۆنیستە، بەلام هەر وەك پێشتر باسم کرد ئەویش رزگار بوون نەك لە تئوری حیزبی کۆمۆنیست، بەڵکوو رزگار بوون لە کۆمۆنیزم بوو. ئاغای موهتەدی باش دەزانێ کە کۆمۆنیست بوون بە دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیست لە ناو کۆمەڵەدا گەرای نەبەست تا بە رۆیشتنی عەبدوالله موهتەدی یان کەسانی پیش ئەوان بسردرێتەوە. کۆمەڵە هەر لە سەرەتای پێك هاتنییەوە کە خۆی یەکیك لە دامەزرینەرانی بوو رێکخراویکی مارکسیست و چەپ بوو.

کەوایە ئاغای موهتەدی نەك لە حیزبی کۆمۆنیست و تئوریەکانی، بەڵکوو لە کۆمەڵەی کۆمۆنیست و تئوریەکانی جیا بووەتەوە. ئەلبەت ئەوەش خۆی لە خۆی دا ئاساییە و کەس لەو بابەتەوە بۆی نییە سەرکۆنەی بکات. هەر بۆیە قسەی ئەو برادەرانەی خۆیشی کە دەڵێن با هەر چی هەین لە دەرون دا لە دەرەوەشمان دا هەر وا بنوێنین، لە سەدا سەد راستە.

سەبارەت بە هێنانە دەرەوەی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە هەر جیابونەوەیەك دا دوو فاکتوری سەرەکی هەیە کە هەموو کەس سەرنجی بۆی رادەکێشرێ. یەکیان ئامانج و جیهەت و رێبازی سیاسیە و ئەوی تریشیان کەمینە و زۆرینە وهاوسەنگی رێکخراوەیی لایەنەکانە لە کاتی جیابوونەوەیان دا.

لە رویشتنی شش سال لەوە پیشی ئەو برادەرانەدا هەر دووکی ئەم فاکتەرەکە ئەوەندە ئاشکران کە حاشایان لیّ ناکرێ.

لەباری ئامانج و ریباز و خەتی فکری، ئەوان پەیوەندیيان بە کومەلەی کۆمۆنیست وکریکاری و چەپ نەماوە. تەنانەت لە سیاسەتیش دا ئەوان بەلایەك دا رویشتن و کۆمەلەی کۆمۆنیست بە لایەکی دیکە دا. بۆ نموونە ئەوان کاتی خۆی گەلێك دلخۆشیان بە سەرکەوتنی رەوتی ریفورمخوازی ناو رژیم بوو تا ئەو جێگەیەی کە وەسوەسەکەیان بۆ جیابونەوە هەر لێرەوە دەستی پیّکرد. یان دواجار کاتێك باسی خۆگونجاندن لەگەل سیاسەتی ئامریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست و لە ئیران هاتە گورێ، جیاوازی سیاسی ئەوان لە جیهەتی کۆمەلە ئاشکراتری کرد کە مەسەلە ئەوە نیە کە ریکخراوێکیان لە ریکخراوێکی دیکە بردۆتە دەرێ، بەلکوو لە رەگ و ریشەوە پێك هێنانی ریکخراوێکی جیاوازی دیکەیە. حەق وابوو لە هەلبژاردنی ناویش دا هەر ئەویان لەبەر چاو گرتبایە، کێشەیان کەمتر دەبوو.

سەبارەت بە کەمایەتی و زۆرایەتی بۆ مانەوە لە میژودا دەبی بلیم لە کاتی رۆیشتنی ئەوان لە 18 ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست تەنیا 3 کەس لەگەلٚ ئەوان چوو لە 15 ئەندامی کومیتەی ناوەندی کومەلەیش 3 کەس لەگەلٚ ئەوان، یەك کەس بی لایەن و 11 کەس لەگەلٚ کومەلە مانەوە.

لە نێو کادر و ئەندامان و پیشمەرگەیش دا لە نێوان 15 تا 20 لە سەد لەگەلٚ ئەوان چوو کە پاش ماوەیەکی کورت 150 کەس لە تێکۆشەرانی دیرینی کومەلە و حیزبی کۆمۆنیست بە ئیمزای تومار و بوون بە ئەندام پشتیوانی و تیکۆشانی خۆیان دووبارە راگەیاند. دەی ئەگەر وایە لەسەر چ ئەساسیك ئیوە کومەلەتان لە حیزبی کۆمۆنیست جیا کردوەتەوە؟ نە بە سیاسەت، نە بە بەرنامە و ریباز و نە بەژمارە ئەوەندە نەبوون.

هەر وەها رەخنە لە "تەوەرە سەرەکیەکانی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانیش" هەر لە چوار چیوی ئەو ئیدعا ناراستەی پێشودا دەگونجیت. بۆ ئەندامانی حیزبی ئیمە پێداچوونەوە و رەخنە لە بەرنامە و سیاسەت و کەم و کورپەکانمان هەمیشە یەك لەو خالە گرینگانەی بەرەو پیش چوونمان بووە. هەموو شتیك دەگوردریت و لە حالی گۆران وهەلدان دایە مەگەر سەرەتا موقدەسە مەزهەبییەکان. کەوایە بەرنامەی کۆمۆنیستەکان شتێکی نەگۆر و موقەدەس نییە، بەڵکوو گرینگ نەوعی گورانکارییە، بەرەو پێش چوونە یان بەرەو دوا گەرانەوە؟ ئەگەر کاك عەبدولا لە بیری مابێت لە رەخنە ونوسراوەکانی ئەوکاتەی گەشەی کومەلەیشی لە ریگای گەشەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانەوە دەدیت.

ئەوەی کاك عەبدوالله دەلیت پیش جیابونەوەش هەلویستی رەخنەگەرانەی بەرانبەر بە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بووە راست نییە، دواپین بەیاننامە بە بۆنەی سالهاتی حیزبی کۆمۆنیست کە زۆریش بە حەماسەوە نوسراوە، بە خەتی کاك عەبدوالله بووە.

کاك عبدولا موهتەدی زۆری پیی خۆشە کە خۆی وەك قارەمانی دەژایەتی لەگەلٚ کۆمۆنیزمی کریکاری نیشان بدات، بەلام هیچ کەس دەورو تەئسیری زیانباری ناوبراویی خەزمەت بەکۆمۆنیزمی کریکاری و "فەتحی قەلای کومەلە لەناوخۆوە" بە فەرمانی کۆمۆنیزمی کریکاری لە بیر نەچوەتەوە. کەس نەخشی زیانباری ناوبراوی لە وەری خەستنی "ئینقلابی ئیدئولوژی بە شێوەی "موجاهدین لە نیو ئیمەدا لە خزمەت بە فراکسیون لە بیر نەچوەتەوە. کەس لە بیری نەچوەتەوە پاش سەرکەوتنی فراکسیون لە پلینومی 16 حیزب دا و دادگاییکردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کومەلە، خوازیاری تەسفیە حیسابی قوولی تەشکیلاتی (واتە دەرکردنی) موخالفینی فراکسیون یان بە وەتەی ئەوان ناسیونالیستەکانی ناو کومەلە بوو و پاش بە دەستەوە گرتنی کومیتەی

رەهبەری کومەلە لە لایەن لایەنگرانی فراکسیونەوە ئاغای موهتەدی دیوەت "فراکسیون دەبی بزانیت هەر کەس چون بیر دەکاتەوە". بە واتەیکی دیکە دەزگای پشکەنینی بیروباوەری لە کومەلە و حیزبی کۆمۆنیست دا وەری خستبوو بەو هیوایەی کە بیکەن بە ئەندامی چوارمی فراکسیون.

بەیاننامەکەی ئەو لە پلینومی 16 حیزب بەشیك لە میژووی ژیانی سیاسی نابراون کە بە هیچ شتیك ناسردریتەوە. بۆ ئەمەش ئەگەر دەلیت وانیە با کاك عومەری ئامۆزای سەبارەت بە پلنومی 16 و ئاکامەکانی دواتری و هاوکاری ئەو و کۆمۆنیزمی کریکاری شایەتی بدات. کەسێك کە سەربازی سەنگەر شکێنی کۆمۆنیزمی کریکاری بووبێت ئەمرۆ ئەو کەسە ناتوانیت بە ناوی فەرماندەی سەرکەوتوی شەری دژی ئەو بوچوونە خۆی بە خەڵك بناسینێت. موهتەدی لە هەموو کەس زیاتر جیاوازی ئیمە و کۆمۆنیزمی کریکاری دەزانیت، بەلام بە مەبەستی دیاریکراو لە پال یەکمان دانێت.

ڕوژنامەی ئاسو لە دوایین پرسیاری‌دا دەپرسیت "لەم کونگرەیەدا چ هەڵویستیکتان وەرگرت بە نیسبەت ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران (کومەلە)"؟ موهتەدی لە وەلام دا دەلیت: "ئیمە لە ناو خالەکانی بەرنامەی گونگرەدا ماددەیکمان هەبوو بەناوی حیزبەکانی کوردستان و هەلویستی ئیمە"، بەلام خۆی لە وەلامی ڕاستەقینە ئەو بریارەی کە لە سەر کومەلە داویانە دەپاریزیت. هەروەها لە دریژەدا دەلیت: "حیزبی کۆمۆنیستی ئیران (ئەلبەتە مەبەستی کومەلەیە) ئیستا تەنیا ناویکە یا قالیبیکە و لەوە زیاتر نییە، ئەگەر توزیك بە خراپتر بیلیم گۆریکی بە کۆمەلە کە بەشیك لە کادرەکانی کۆمەلە لە خۆرایی خۆیان زیندە بەچال کردووە لەویدا".

ئەم تیکستە لە خۆیدا چەند حەقیقەتی تیدایە، یەکەم: ئەم قسە لە لایەکەوە روی لە نەیارانی خۆی لە ریزەکانی خۆیانە کە زۆر توند نەبن و رەخنەی لینەگرن، چون ئەوانی لە گوری بە کۆمەل هیناوەتە دەر و ئەگەر بیهەویت دوبارە دەیانخاتەوە گۆری بە کۆمەل و هەروەها هەول دەدات دەر حەق بە رابوردویەکی شورشگیرانە و پر لە شانازی کە لێی دابراوان نەفرەت و بیزاری دروست بکات. لە لایەکی دیکەوە روی لە کادرە راستەقیە و کۆمۆنیستەکانی کۆمەلەیە کە ئەم سەنگەری کەرامەت و ئینسانیەت و شورشگیریەیان پاراست و تەرحەکەی ئەویان پوچەل کردەوە .

دووهەم: ئەم تیکستە پاش 6 سال جیا بوونەوە لە کومەلە ئیعتراف بە شەکستیکی گەورەیە. ئەو شکستەش ئەوەیە کە 6 سالە ئاغای موهتەدی و هاوبیرانی دەلین کە کومەلەیان لە حیزبی کۆمۆنیست هیناوەتە دەری، کەوابێت دەبوایە کادرەکانی کومەلەیان لەگەڵ بووایە. ئیستا دان بەم راستیەدا دەنێت کە کادرەکانی کومەلە لە حیزبی کۆمۆنیست ماوەن یان بە وەتەیی ئەو لە "گۆری بە کومەلی" ئەم حیزبە دەژین مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوان نەچوون .

سیهەم: وەشەی "گۆری بە کومەل" هەموو ئینسانیکی ئازادیخواز و ئازار چیشتو وەبیری گورە بە کومەلەکانی خەڵکی بێتاوانی کوردوستان بە دەستی دیکتاتوری پیشوی ئەم ولاتە دەخاتەوە بە کار بردنی ئەو فەرهەنگە تورەیەك نیشان دەدا کە ریشەی لە ناکامی دایە.

هەموو ئەو قسانەی عبدوالله موهتەدی یەك راستی حاشا هەلنەگەرمان بۆ ئیسبات دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ناوبراو بەو قسانە دەیهەویت کیشە ناوخۆیەکان لە خۆی دور خاتەوە و بە هەلخراندنی ئەحساسات بۆ ماوەیەکی دیکە و تا کونگرەیەکی دیکە سکریتر و رابەر و "نوینەری هەموو کەس" بمینیتەوە.

———————————————

*ئەم بابەتە لە لاپەری 9ی رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە 322 بە ریکەوتی یەکشەمە 2006/12/17 بلاو کراوەتەوە.